# جەمال تاهیر ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە ڕێکخستنی ژناندا

لەناو میللەتی کوردا گەلێك چینو توێژ هەن کە بەردەوام لە جموجووڵی خەباتدان, بۆ گەیشتن بە داخوازییە ڕەواکانمان, لەهەرکاتێکدا نارەواییەك یان زوڵمێك لەبەرامبەریان بکرێ, ئەمانە وەکو پەروانەی هەمیشە لەکاردا بێدەنگنابن..نموونەیان بەرچاودەکەوێ لە کرێکاران.. جوتیاران خوێندکاران..ڕووناکبیران.. جەمال تاهیر کوڕی ئەوانەبوو بە گشتی بۆ هەرچینێك لەوانەو لەکات و شوێنی خۆیدا کاریکردووە, جەمال تاهیر تێکۆشەری خوێندکاران و کرێکاران و ڕەنجدەران و مامۆستایان بوو, ڕووناکبیرێکی چالاکی کوردبوو, لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیاندا ئەم گیانی خۆی بەخشی بەوان و بەکوردستان. بۆ ئەوەی هەمیشە چیاکانی کوردستان پڕ لەسروودی شۆڕش بێ, هەموو باخەکان ڕەنگین و جوانو هەموو گوڵەکان گەشو گەشاوەتربێت, بۆ ئەوەی هەموو گەلی کوردستان بگەن بە ئازادیو سەرفرازیو بەختەوەری, بۆ ئەوەی کوردستان هەمیشە لە ئاوەدانیدا بێت, جەمال تاجی شەهادەتی لەسەرنا. بەرلەوەش ڕێگاکانی زیندانو ژوورەکانی ئەشکەنجەو ئازارەکانی جەستەی کرد بە گڕوگاڵی منداڵی...

لە نێوخێزانێکی گەورەو کوردپەروەر سەری بۆ خۆر بەرزکردۆتەوە.

سەرەتای کاری سیاسی شەهید جەمال دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکان, کاتێك وەك گەنجێکی دڵ گەرمی چالاك, بەشداریی لە خۆپیشاندانەکانی, سلێمانی دەکا, ئەو دەمە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو, گەنج بوو, تێکۆشەر بوو, چالاکانە ئەرکەکانی کە پێی سپێردرا بوو جێبەجێی دەکرد, پاشانیش لە لیژنەی ناوچەی سلێمانی (پ.د.ك), دەستی بەکاری سیاسی کرد, تاکو ساڵی حەفتاو تا دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان. لێرەوە قۆناغێکی نوێو کاری سیاسی نوێ لەبەردەم شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان سەری هەڵداوە, بۆیە گرنگ بوو, خەباتی چینایەتی لەگەڵ خۆی بهێنێتە گۆڕەپانی خەباتەوە.

پاش نسکۆی 1975, جەمال تاهیر بەشداریی گرنگو کاریگەریی هەبوو لە ڕێکخستنی ماڵی کوردایەتی لەناو خەڵکدا. لەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك)دا, جەمال دەستی کرد بەدامەزراندنو کۆکردنەوەو ڕێکخستنی نهێنی لەناو هەموو شارو شارۆچکەکاندا لەبەرئەوەی پێشتر لێپرسراوی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو لەکوردستاندا, هەربۆیە بناغەیەکی پتەوی بۆ ڕێکخستن دانا, لەسەر بنەمایەکی زانستی و تیۆری شۆرشگێڕانە کە تا ئێستاش ڕێکخستنەکانی یەکێتی سوود لەو سیستەمە گرنگە دەبینن و گەورەیی (ی.ن.ك)ی لێ بەرهەمهات.

## جەمالو ژیانی سیاسی

سلێمانی, جگە لەوەی شاری هەڵمەتو قوربانییە, شاری شەهیدانو تێکۆشەرانو مەڵبەندی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕەسەن بووە, نیشتمانی بوێژانو ماڵی هونەرمەندانو دەست ڕەنگینان بووەو پشت و پەنای شارەکانی دیکەی کوردستانیش بووە, لەگەڵ ئەوانەشدا, لانەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانو ڕێچکە گرتنی دیموکراسی بووە,دوای ئەوەی لە ساڵی(1943)لە شارۆچکەی بەرزنجە جەمال دێتە دنیای کوردەوارییەوەو ماڵی باوکی دەگەڕێنەوە سلێمانی, لەناو ئەم سروشتە جوانو ڕەنگینەی سلێمانیدا جەمال تاهیر پەروەردە دەبێت.. قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیو پاشان پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە سلێمانی تەواو دەکات. لە قوتابخانەکانی ناوشارو

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

دەوروبەری سلێمانی بە مامۆستا دادەمەزرێت. لە (بەیان نامەکەی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان کە لەساڵی 1983 بە بۆنەی شەهید بونەکەیەوە بڵاوکراوەیەوە) نوسراوە:

هاوڕێ جەمال تاهیر هەر لەساڵی (1960)ەوە, تێکەڵاوی جووڵانەوەی نیشتمانیی کورد بووە, لە خەباتی ژێر زەمینیی ساڵانی (1961)و (1962)و (1963)دا, نموونەی یەکێ لەگەنجە هەرە دڵسۆزو چالاكو چاونەترسەکانی شاری سلێمانی بووە. کە بەوپەڕی لەخۆبوردنو هۆشیارییەوە بەشداریدەکرد لە سازدانو رێکخستنی قوتابیان و خەڵکیی لە گەڕەکەکاندا هاندەداو کۆیدەکردنەوە لە چوارچێوەی رێکحستنی شۆڕشو هاوکاری کردنیان, لەکاروباری شۆڕشو پێشمەرگەدا. کاتێکیش بوو بە مامۆستا, لەدەرەوەی شاری سلێمانی, لەهەر شوێنو جێگایەك بووبێ, کەم تەرخەم نەبووە لە پێگەیاندنی خوێندکاران و بەگیانی کوردایەتی و بەرگریو نیشتمان پەروەریو خۆشەویستی کرێکارانو جوتیاران و رەنجدەران خەڵکی پێ دەگەیاند. لەکۆتایی شەستەکانەوە, بیرو باوەڕی مارکسی کردە چرای رۆشن کردنەوەی بیرو رێگای خەباتی خۆیو لەناو هاورێکانیدا بڵاویدەکردەوە.

کە لەساڵی 1970 ئەڵقە ناوچەییەکانی کۆمەڵە دەمەزرا, شەهید جەمال رۆڵی گەورەی تێدابینی و چالاکانەو هۆشیارانە, کەوتە کارکردن, لەساڵی 1974 کە شەڕی نێوان کوردو داگیرکەری عیراق دەستی پێکردەوە, هەزاران بەشەرەفی کوردستان چەکی مەردایەتی کردە شانو ئەو ئەرکانەی کە شۆرش پێی دەسپارد, بە لەخۆبوردوویيو دڵسۆزییەوە بە ئەنجامی دەگەیاند.

هەرلەئەنجامی کاری شۆڕشگێڕانەوەو بەرهەڵستی حکومەتی بەغدا, کاك حەمە رەشیدی برایگیراو لەساڵی 1974 لەسێدارە درا. لە ساڵی 1975 کە ئیتر قۆناغی نوییی شۆڕش گێرانەی ژێرزەمینی دەستی پێکردو کۆمەڵە ئەبوو رۆڵێکی کاریگەرو سەرەکی بگێڕێ, لە هەڵسانەوەی باری کەوتوی جولانەوەی کوردو لەسازدانو هاندانی خەڵك لە رێکخستنداو هاوڕێ جەمال قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵیو بوێرانە کەوتە پێکهێنانی شانەو ئەڵقەی رێکخستن بۆ کۆمەڵەو دروست کردنی خەتی جیاجیا بۆ (ی.ن.ك) لە سەرانسەری کوردستانی عیراقدا.

رۆڵی جەمال تاهیر لە پێکەوە بەستنی خەباتی شارو شاخ بەڕوونی دیارە,بە دەیان کادرو ئەندام و پێشمەرگە هاتنەناو ریزەکانی شۆڕشەوەو سەدان تێکۆشەری هێنایە کۆڕی خەباتی ژێرزەمینییانەی (ی.ن.ك) هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ, لە ناوەڕاستو خوارووی عیراقدا. هەر لە ئەنجامی ئەم لێوەشاوەییو کارامەییەوە لە بەهاری 1978 پاش کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە, هاوڕێ جەمال تاهیر کرا بەلێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی ناوشارەکان و سەرکردایەتی هەموو رێکخستنەکانی کۆمەڵەو بەشێکی گەورە لە رێکخستنەکانی (ی.ن.ك)لە سەرانسەری کوردستانی عیراقدا پێسپێردرا, لە هەموو کۆبوونەوە فراوانو گەورەکاندا, بەراپۆرتی زانستی بیرو بۆچوونی ژیرانەو بە رەخنەو گلەیی بەجێو بە پێشنیاری عەمەلیو بەکەڵك بەشداری کردوە. هاوڕێ جەمال تاهیر لە ساڵی 1979 گیراو لە زیندانی فاشییەکانی بەغدا, ماوەیەکی دورودرێژ, لە ژێر ئازاری جەستەییو گیانییدا مایەوەو بەقارەمانییەوە, لەو تاقیکردنەوەیە, وەکو قارەمانی یەکەمی زیندان لە ئەنجامی لێبوردنەکەی ساڵی 1979 دا ئازاد کرا, ئازارو ئەشکەنجەی زیندانو چاوسوورکردنەوەی جەللادەکانی رژێمو چاودێریکردنی بەردەوامی جاسووسەکان, نەیتوانی مامۆستا جەمال تاهیر لە خەبات سارد بکاتەوە, بەڵکو هەردەست بەجێ کەوتە راپەڕاندنی ئەو ئەرکە گرنگانەی خرابوونە ئەستۆی, لە رابەری کردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی شارەکانو بەئامۆژگاری و رێنوێنی رێکخراوەکانو خوێندکاران و مامۆستایانو رێکخراوی شەهید لەیلای ئافرەتان و مەفرەزە چەکدارەکانی ناوشار, بۆ رێزلێنان لە خەبات ولێوەشاوەیی هاوڕێ جەمال لە یەکەمین کۆنفرانسدا, گەرچی خۆی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەوێ نەبوو, بەڵام بە راپۆرتێکی زانستیی دورو درێژ بەشداری کۆنفرانسەکەی کردبوو, بڕوای دەنگی زۆربەی ئەندامەکانی کۆنفرانسی وەرگرتو هەڵبژێرایەوە, بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە. بەڵام زۆری نەخایاند, دامودەزگاکانی رژێم گومانیان لە هەڵسوکەوت و جموجۆڵی مامۆستا جەمال کردو دیسان گرتیانەوە, نزیکی (19مانگ)ی رەبەق لە ژوری تەنیایی ناو ئەمنی سلێمانی لە ژوورێکی پڕ لە ئاو, بە برسێتیو تینوێتیو نەخەوتنو لێدانو هەڵواسینو هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی و گیانی, لەگەڵی خەریك بوون بۆ ئەوەی نهێنییەکانی رێکخستنی بدرکێنێت چونکە کاربەدەستەکانی رژێم گومانی ئەوەیان لێ ئەکرد کە ئەو لێپرسراوی سلێمانی بێت, بەڵام هاوڕێ جەمال ئەمجارەش شەرەفی قارەمانێتی زیندانی پاراست, تەنانەت بەشایەتی دوژمنەکانیشی بەسەربەرزی لە لێبوردنەکەدا ئازاد کرا کە رژێم لە ئەنجامی ڕاپەڕینو خۆپیشاندان و مان گرتنەکانی کوردستانو لەساڵی 1982 دەری کرد. جەمال تاهیر هەر لەگەڵ ئازاد بوونی, سەرلەنوێ کەوتەوە کارکردن لە دووەمین کۆنفرانسی کۆمەڵە وەکو یەکێ لە نوێنەرە رووپۆشەکانی ناوشارەکان بەشدار بوو وە هەڵبژێررا بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنفرانس و لە دواکۆبوونەوەی کۆنفرانسدا, بە زۆرینەی دەنگ و بڕوای ئەندامەکان هەڵبژێردرایەوە بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەو دواتر بە ئەندامی ناوەندو لێپرسراوی دەزگای ناوەندی رێکخستن و نوێنەری کۆمەڵە لە سەرکردایەتی (ی.ن.ك). هاوڕێ جەمال تاهیر لەو ماوەیە کە لەڕیزی پێشمەرگایەتیا بوو لەشاخ وەکو پێشمەرگەیەکی نموونەیی هەرچییەکی لەدەست هات کردیو بەشداریی کاریگەری کرد, لە جێگیرکردنی کەرتەکانی رێکخستنو پێکهێنانی چەندین کەرتی رێکخستنی نوێو پێکهێنانی رێکخراوەکان.

دواکاری گرنگی بۆ شۆڕش کە ئەنجامی دابوو, مەسەلەی سەرپەرشتی کردنی کشانەوەی رێکو پێکی بێ زیانی سەرکردایەتی و بارەگاکانی سەرکردایەتیو ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عیراق بوو لەناوچەکانی پشدەر کە کەلوپەلەکانی بۆ شوێنێکی تری ئازادکراوی کوردستان گواستەوە.

لەو هەلو مەرجە ئاڵۆزەی کوردستاندا, کە هەڵسەنگاندنی تێکڕای کارەکانی رابووردوو دانانی نەخشەو پلانی داهاتوو پێویستی بە کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەو کۆمیتەی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) ئەکرد بۆیە زۆربەی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی بانگ کران بۆ ناوچەی خۆشناوەتی هاوڕێ جەمال تاهیر-یش وەکو یەکێ لەوانە لەکاتو شوێنی خۆیدا ئامادەی دوو دانیشتنی کۆبوونەوەکان بوو وە لەکاتی چوونیا بۆ دانیشتنی سێهەم سەد حەیفو سەد مەخابن لە رێگا ئۆتۆمبیلەکەیان وەرگەڕاو دڵی گەورەی مامۆستا جەمال تاهیر- ی هێژا لە لێدان کەوت لە پێناوی ئەو مەسەلە گەورەیەدا کە زیاتر لە(23) ساڵی ژیانی بۆ تەرخان کردبوو لە 1983/7/14 شەهید بوو.

ئەوەی کە پێویستە هەردەم باسی بکرێت وە لەیاد نەچێتەوە دەوری قارەمانانەی شەهید جەمال تاهیر-ە لە ناو زیندانەکانی بەعسدا.

جەمال تاهیر لە ژیانی سیاسیدا نزیکەی (15) جار گیراوە بەڵام زۆربەی کاتەکان بەهۆی بێ بەڵگەیی گرتنەکەیەوە ئازاد کراوە تەنها دووجار کە زۆر مایەوە لەناو زیندان ئەویش ساڵانی 1979 و 1981 بوو.

ساڵی 1979 مامۆستا جەمال تاهیر سەرگەرمی کاری نهێنی بوو هەمیشە بۆ ئەوەی رژێم بەکاروچالاکییەکانی نەزانێ هەرجارەو بە شێوەیەك کاریدەکرد, بەردەوام شوێنی کاری دەگۆڕی تەنانەت شوێنی وەستانو هاتوچۆیماڵەوە لەگەڵ خوێندنگەکەی کە ئەوکات لە قوتابخانەی سەرچنار وانەی مێژوو جوگرافیای دەوتەوە, شەهید

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

جەمال تاهیر بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبێ شێوەی نامەی چکلێتیی بەکار دەهێنا وئەمەش بەبەکارهێنانی کاکە کاروانی کوڕی کە ئەو کات خوێندکاری سەرەتایی بوو ئەو نامانەی دەخستە ناو جانتاکەی, دەچوون بۆ قوتابخانە بە جۆری هەمیشەکاروان ماوەی 10 مەترێك لە شەهیدەوە دوور دەڕۆیشت بۆ ئەوەی گەر هاتوو شەهید گیرا ئەوا کاروان بێ ئەوەی خۆی تێك بدات بڕوات و ئەو ڕاسپاردەیەی کەپێیەتی بگەیەنێتە شوێنی خۆی چونکە کاروان هەروا ئامۆژگاری کرابوو لە یەکێ لە ڕۆژەکاندا لەبەرئەوەی ڕژێمی بەعس چاودێرێکی زۆریان لەسەر دانابوو, بەهۆی ئیعترافێ کە لەسەری کرابوو دەکەوێتە بۆسەی دوژمنەوە, پاش ئەوەی پرسیاری ناوی لێ دەکەن بێ ئەوەی بهێڵن تەنانەت وەڵامیش بداتەوە. یەکسەر لەگەڵ خۆیان دەیبەن, ڕاپێچی (ئەمنی سلێمانی) دەکەن وبۆ ماوەی هەشت مانگ زیندان دەکرێ بەبێ ئەوەی هیچ دادگایەکی عادلانەی لەگەڵ بکەن.

جەلادەکانی بەعس هەموو جۆرە هۆیەکی ئازاردانیان لەگەلا تاقی دەکردەوە هەر لەکارەبا, نینۆك دەرهێنان, نەهێشتنی چوونە سەر ئاو, بلاوکردنەوەی قسەی ناخۆش لەسەر ماڵو منداڵی وە بەکارهێنانی زۆر هۆکاری دەرونی, هەڵواسینو دارکاری بەڵام ڕژێم بە هەڵەدا چووبوو لەگەڵ قارەمانێکدا تووش بووبوو, کە نەك ئیعتیراف کردن بەڵکو تەنانەت ناوی نهێنی خۆشی پێنەوتن کە ناوەکەی (سەرکەوت) بوو.

مولازم موحسین یەکێ بوو لە جەللادە هەرە دڕندەکانی بەعس لە سلێمانی کە هەردەم خەڵکی بەدەستی‌یەوە دەینالاند وە لەکاتی ئەشکەنجەدانی شەهید جەمال تاهیر ئەم خۆی بەشداری دەکرد, بەشەهیدی دەگوت کە ئێمە واتە ڕژێم بەناوی نهێنی (سەرکەوت) دەزانن بەڵام دەمانەوێ خۆت واتا جەمال تاهیر ئیعتیراف بکەیت هەربۆیە ئازارێکی گیانیو دەروونیان ئەدا کە لەمەرگ نزیك ببووەوە بەڵام بە رووحو بەفکر جەمال تاهیر نیشانیدان کە قەڵایەکی پۆلاینە و فێری دوژمنانی کرد کە هیچ کاتێ بەزۆرو زۆرداری مافی هاوڵاتیان دابین ناکرێ بەڵکو پێویستە حسابێ بۆ جەماوەری ستەمدیدە بکەن حسابێ بۆ بیرو باوەڕو تێکۆشانیان و مافەکانیان بکەن.

لەکۆتایی 1979 بەهۆی بڕیاری لێبوردنی گشتی کە لە سەرۆکی عێراقەوە دەرچوو بوو وە لەبەر ئەوەی هیچ بەڵگەنامەیەکیان لەسەر شەهید جەمال تاهیر نەبوو بۆیە بڕیاری ئازادکردنی درا.

هەر پاش بەربوونی بێ دواکەوتن بەردەوام بۆوە لەسەر کارەکانی خۆی و سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی دەکرد بۆ زاڵبوون بەسەر هەر کۆسپێکدا کە لەکاتی زیندانیدا تووشی ڕێکخستن هاتبوو.

ماندوونەناسانەو خەمخۆرانە گەرمو گوڕ لەکارەکانیدا بێ ئەوەی حسابی ڕۆژو شەو بکات هەڵدەسووڕا.

ڕۆژان تێپەڕیو جارێکی تر لە ڕۆژی 1981/11/22دا بۆ جاری دووەم گیرایەوە بەمشێوەیەی خوارەوە ,

لەوساڵانەدا بەهۆی ئەوەی کە کارو چالاکییەکانی لەکوردستانداو بەتایبەت لەناو شاری سلێمانی لە زیادبوون دا بوو, ڕێکخستنەکان شوێن دەستیان دیار بوو لەو چالاکیانەدا, بۆیە ڕژێم ناوی چەند کەسێکی لابوو کە گومانی لێ دەکردن و لەناو ئەوانەدا (مامۆستا جەمال تاهیر) هەبوو.

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەوکاتەی کەجەمال دەچوو بۆ قوتابخانە ڕژێم چاودێری دەکرد و لە کاتی هاتنەوەدا بوو کە عەلاگەیەك شتومەکی بۆ ماڵەوە کڕیبوو, لەناویدا بلاوکراوەی بچووكو نامەی تایبەتی ڕێکخستنی تیابوو,ئەگەرچی بەعسیەکان زۆرلەناکاو چوونە سەریو گرتیان بەڵام هەرچی لەبەردەستیابوو فڕێی داو خۆشبەختانە ئەو نامانەی پێنەگیرا.

دیسان جەمال بووەوە میوانی ژوورە تاریکەکانی ئەمنی سلێمانی وبۆماوەی هەشت ڕۆژ جەمال‌یان لەبەردەرگایەك فڕێدابوو (وەکو خۆی دەیگێڕایەوە) هەرکەسێك بەلایدا تێپەڕببوایە شەقێکی لە جەمال دەدا کەبە

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

رۆژانـه لەوانەیـە 100 لەقـەی لێـدرابێ پاشـان لـە 1981/12/1تـا 1981/2/14 براوەتـە ژورێکـی تاکەکەسـی (انفرادی) لەوژوورەدا بۆ ئەو ماوەزۆرە هەڵواسراوە , ژوورەکە تا ئەژنۆی ئاو بووەو , گڵۆپی سفریان لـە بەرامبـەری داناوە کە بەردەوام دەکوژێنرایەوە و هەڵدەکرایەوە وەك (دیسکۆلایت) لـە رۆژێکدا تـەنها نیـو سـەموونیان ئەدایـە بـۆ ماوەی (75)رۆژ, بەم شێوەیە ماوەتەوەو سەرەرای ئەمە لێدان‌وئیهانەکردن ئیشی رۆژانـەیان بـووە و شـەهید جـەمال تەواو بێهێزدەبێت, دوای ئەوکاتە دەیخەنـە ژوورێکـی تـری ئینفـرادی بەدەست بەستراوی لەناویـدا دای دەنـێین ئـەو ژوورەی ئەمنی سلێمانی لە تەنیشتی باخ دەبێت بۆیە لـەوێش ئـاو دزە دەکات‌و نـاو ژوورەکـە پڕدەکات لـە ئـاو, ئـەوە لەکاتێکایە کە ئەو کات وەرزی زستان و باران بارین‌و سەرما دەبێ بۆیـە گـەلێك نارەحـەت دەبێ جـەمال خـۆی پـاش بەربوون باسی دەکرد.

هەروەها لەبەرئەوەی ئەو ژوورە نسرمە زۆر سارد بوو جەمال لەبەر ئـەو گڵۆپـە بـچووکە خـۆی گـەرم دەکـردەوە وئاهێـك بـە گیانیـدا دەهـات, هـەروەها دەیگێڕایـەوە کـە لەوکاتانـەی خواردنیـان بـۆ دەهێنـا لەبـەر ئـەوەی دەسـتیان نەئـەکردەوەو خواردنەکـەیان لـەناو قاپێکـدا بـۆ دادەنـا لەبـەر برسـێتی ناچـار دەبـوو خـۆی بـۆ خواردنەکـە دانەوانداﻳەوبە زمان بیخواردایە.

لایەنێکی تر کە دوژمنانی سەرسام کردبوو, ئەوە بـوو کـە رۆژانـە شـەهیدیان ئەشکەنجە دەدا هـەر رۆژە جۆرێـك بەڵێنیان دەدایێ گوایە گەر قسە بکات‌و نهێنی‌یـەکان بـدرکێنی ئـەوا ئـازاد دەکـرێ خـەلاتێکی گـەورە یـان پایەیـەکی گـەورەی دەدەنـێ . هـەموو رۆژێ دوو جەلـسە لێکۆڵینـەوەیان لەگـەڵ دەکـرد, جـاری یەکـەم ئەفـسەرەکانی لێکۆڵینەوە,جاری دووەم راستەوخۆ بەرێوەبەری ئەمنی سلێمانی بـە جـەمال دەڵێی (جـەمال بەسـە ئـەو تەعزیبـەی کە دەیدەیتە ئێمە لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە تـەنها نـاوی هاوڕێکانتم پـێ بڵـێ تـۆ ئـازاد دەبیـت). جـەمال ـیش بەگاڵتەجاڕییەوە پێیدەڵێ من ئازاری ئێوە دەدەم یان ئێوە منتان کردووە بە ئامێری تاقیکردنـەوەی دڵڕەقـی خۆتـان, من مامۆستام خەریکی وانە وتنەوەی خۆمم هیچ شتێکم بەرامبەر حکومەت نەکردووە لە خزمەت زیاتر بۆیـە ئـەوە ڕاستنییە کە بەرامبەرم دەیکەن.

⋆جۆرێکی تر لەو تەعزیبانەی کە بەرامبەری دەکرا بریتی بوو لە ئازاردانی دەروونی ئـەوەش بـەو شـێوەیەی کـە کەسە نزیکەکانی وەك خێزان‌و منداڵەکانی کە گوایە ئەوانیش گیراوون‌و لەژێر ئەشکەنجەدان‌و وایانـدەکرد گوێی لـە دەنگیانبێت جەمال بەمە زۆر نارەحەت دەبوو و ئازاری دەچەشت.

هەروەها چەندین جار زیندانی جاسوسـیان خـستۆتە لایـەوە گوایـە لەبـەر هـۆی سیاسـی یـان بـەبێ گونـاه گـیراوە ئەمانـە هـەمووی لـە پێنـاوی ئـەوەی کـە تـەنها وشـەیەك بـدرکێنێ جـەمال لەبـەر ئـەوەی خـاوەن ئـەزموون بـوو بەسەرکەوتوویی لەو پیلانەشدا دەردەچوو.

سـەبارەت بەکارەنهێنییـەکانی جـەمال وەك باسمـانکرد سەرپەرشـتی هـەموو رێکخـستنەکانی دەکـرد, لـە هـەموو کوردستاندا وە لەبەغدادو خانەقین‌و هەندێ شوێنی تـر وە هەرچی پێویـستی و کارێکی تـریش کـە هـەیانبووبێ لـە شاخ یان لە دەرەوەی وڵات ئەوە لەڕێی پەیوەندیان لەگەڵ سەرکردایەتی شاخ لەڕێی رێکخستنی ناوشارەوە جێبـەجێ دەکران.

پەیوەندیان لەگەڵ دەرەوەی وڵات زیاتر بەهۆی شەهیدی سەرکردە کاك شازاد سائیب دەبوو, بەوپێیـەی کـە زۆر لە جەمال نزیکبوو, پیاوێکی تێکۆشەرو ناسراوی ناو خەڵکی بوو.

شەهید جەمال بۆیگێڕامەوە وتی:

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

کاتێ لە زیندان بووم پاسەوانی تایبەتیان بۆدانابووم بەهۆی ئەوەی ئەوپاسەوانە خواردنی بۆ دەهێنام لە ژوورەکەی نزیك دەبۆوە زانیم کە ئەو پاسەوانە خوێندکاری خوێندنگەی شەوە, لە قۆناغی سێهەمی ناوەندییە ماوەی دوو ساڵە لە تاقیکردنەوە دەرناچێت, بە تایبەتی لەوانەی مێژووجوگرافیا (کۆمەڵایەتی)دا بۆیە بەڵێنم پێدا کە لەناو زیندان وانەی تایبەتی بدەمێ یارمەتی بدەم پاسەوانەکە ئەو ساڵە لە تاقیکردنەوەدا دەرچوو لەپاداشتی ئەوە پاسەوانەکە نەفەرێ کەبابی بۆ هێنام بەڵام داوای لێکردم کە لای کەس قسە نەکەم,ئەمە ئەوە دەردەخات کە جەمال نەك هەر یارمەتی کرێکاران‌و چەوساوەکان‌و خوێندکاران‌و مامۆستایانی داوە بەڵکو یارمەتی دوژمنی خۆشی داوە کە پاسەوانەکانی لە ئەمنی سلێمانی بوون.

★شتێکی تری گرنگ لەناو زینداندا وره بەرزی‌و گەشبینی بوو بەرامبەر بەخۆی و بەرێکخستن, لەکاتی ئازادکردنیدا مولازم موحسین پێی گوتبوو کە ئێمە دەزانین کە تۆ (هەڵکەوتی) وایان زانیبوو ناوی نهێنی (هەڵکەوتە) بەڵام خۆی لە راستیدا (سەرکەوت) بوو بەڵام تازە ئەوە بڕیاری سەرۆکی عیراقەو تۆ ئازاد دەبی بەڵام دڵنیابە کە زۆر نابات‌و دەگیرێیتەوە, دێیتەوە بەردەستمان پاش ئەم قسانە جەمال دەبەنە هۆڵێکی گەورەوە و لەوێ کۆمەڵێ زیندانی تری لێدەبێ وەك مامۆستا سەلاح شێخ شەرەف کاك کەمال-ی برای‌و کۆمەڵێکی تر کە ناویانم لەیاد نەماوە, ئەوەی لێرە لام گرنگە ئەوەیە کە جەمال هەر ئەو کاتە لەناو هۆڵەکەدا یەکسەر لەگەڵ هەڤاڵەکانی دەست دەکاتەوە بەقسەکردن‌و باسی قۆناغی داهاتوویان بۆ دەکات لە سێهەم رۆژی جەژنی قوربان کاتژمێر 3ی پاش نیوەڕۆ ئازاد کرا .

★ڕووداوێك لە کاتی دووەم جاری زیندانی کردنیدا :

کە بەند کرا بۆ ماوەی سێمانگ بێسەرو شوێن بوو, هیچی لەسەر نەدەزانرا, بۆ هاوڕێکانی بەتایبەت مامۆستا خەسرەو بابان وە هەندێ لە خزمان پێشنیارییان کرد کە هۆیەك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بزانن ماوەیان نا چونکە زۆربەی کەسەکان وایان باس دەکرد کە جەمال شەهید کرابێ ئەوکات کەمال پشدەری هەبوو پیاوی رژێم بوو. جەمال-ی دەناسی بەهۆی کاری سیاسییەوە جەمال پێویست بوو کە لەو جۆرانە بناسێ و پێیانوت ئەویش جۆرە نەرمیەکی پیشان دەدا, بۆیە وا دانرا کە من نووسراوێك پێشکەش بە قوتابخانە بکەم بۆ ئەوەی نیوەی مووچەکەیمان بۆ سەرف بکەن‌و بەم شێوەیە دەزانرا کە جەمال ماوە یان نا.

کەمال پشدەری بۆ ئەمکارە دەورێکی چاکی بینی و کارەکەی جێبەجێ کرد نەك هەر ئەوە بەڵکو من‌و تاڤگەی کچمی بردە لای جەمال‌و لە چوونەکەماندا منیان لەژوورێکدا دانا و تاڤگە-شیان بەتەنها بردە ژووری بەڕێوەبەری ئەمن, پاشان جەمال-یان بانگ کردبوو کاتێ جەمال دەچێتە ژوورەوە, جەمال-ی پێش زیندان نەبووبوو بەڵکو پیاوێکی ریش درێژ, زەعیف, رەش هەڵگەڕاو دەچێتە ژوورەوە بەڕێوەبەر لە جەمال دەپرسێ:

جەمال ئەو کچە پرچ زەردە جوانە کێیە, دەیناسی؟

جەمال سەیری تاڤگە دەکات بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەندە ئەشکەنجە درابوو ئەوەندە هیلاك بوو, تاڤگە ناناسێتەوەو دەڵێ (نەخێر نایناسم, ناشێ کچی جەنابت بێت) بەڕێوەبەر دەڵێ جوان سەیری بکە.

تاڤگە-ش هەرچەندە بەشێوە جەمال-ی نەناسیبۆوە چونکە ریشی زۆر درێژ بوو بەڵام بەناو دەیزانی کە ئەوە, بۆیە هاوار دەکات دەڵێ (بابە.., ئەوە منم تاڤگەم).

ئیتر باوك‌و كچ باوەشیان بەیەکدا دەکەن, دوای تەواوبوونی چاوپێکەوتنەکە, تاڤگە کە منی بینییەوە پێی وتم دایکە باوکم بینی بەڵام نەمناسییەوە. کاتێ جەمال دەچێتەوە ناو زیندان لە جیاتی ئەوەی دڵی خۆش بێت خەم‌و

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

پەژارە دای دەگرێ چونکە وا دازانێ کە خێزانو منداڵەکانیش گیراون و لەزینداندان بۆیە بۆ ماوەی سێ‌رۆژ سێ‌شەو لە پەژارەدا دەبێت.

شەهید جەمال وەك باسمانکرد توندترین شێوەی ئەشکەنجە یان لەگەڵ تاقی‌کردەوە بەڵام بێ‌سوود بوو, بەڵێ لە ڕووی گیانی‌یەوە ببووە مرۆڤێکی چەرخی بەردین مرۆڤێکی ریشو قژ درێژ, نینۆك درێژ چڵکن, ماتو لێدراو بەڵام لە ناخیدا چیایەکی بەرزی کوردایەتی بوو قەڵایەکی بەهێز بوو لە ڕووی داگیرکەران شەهید دەیگێڕایەوە کە لەناو زیندان لەبەرئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ خۆی بەتەنها دەبوو, وە ئازاری زۆر دەدرا بۆیە بڕیاری دابوو رۆژانە بۆ ماوەیەك لەبەرخۆیەوە قسە بکات, پێ‌بکەنێ بۆ ئەوەی قسەی لەبیر نەچێتەوە پاسەوانەکان وایان دەزانی مامۆستا جەمال شێت بووە!؟

⋆جەمال پاش ئازادبوونی وەلەبەر ئەوەی تەواو ئاشکرابوو بوو بۆیە لەکۆتایی مانگی هەشتی 1982 خۆی گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکان وە چەکی شەرەفو پێشمەرگایەتی لەشان کردو لەسەنگەری بەرگری بۆ ڕزگارکردنی سەرتاسەری نیشتمانەکەی, بۆ ماوەی زیاتر لە (11) مانگ لەخەباتی پێشمەرگایەتیدا مایەوە کە بەداخەوە ماوەیەکی کورت بوو مەرگ بواری پێ‌نەدا بەڵام ئەتوانین بڵێین بەهۆی رەوشتی شۆڕشگێڕی توانی بگاتە ناوەندی بڕیار لەناو (ی.ن.ك) وە گەلێك لێپرسراوێتی بخرێتە ئەستۆ, وەکو ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە-نوێنەری کۆمەڵە لە(ی.ن.ك) لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) لێپرسراوی مەکتەبی رێکخستنی کۆمەڵەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك).

⋆لە 1983/7/14 رۆژی کۆبوونەوەی جەلسەی سێهەمی کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە خۆشناوەتی کە بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەوکاتەی کوردستان بەرێوە دەچوو شەهید جەمال لە سەعات (4)ی ئێوارەی رۆژی پێنج شەممە دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێ و تەمەنی درێژی بۆ کاروانو سۆرانو سەرکەوتی دووەمو تریفەو تاڤگە جێ‌دێڵێ.

شێوەی کارەساتەکەی ئەوەبوو کە شەهید جەمال بەچەند سەعاتێك پێش کۆبوونەوەکە داوا لە بەڕێزان کاك ئەرسەلان بایزو کاك عەلی بچکۆل دەکات کە بڕۆن پێش ئەوەی چەند شوێنی بەسەربکەنەوە, ئەو ئۆتۆمبیلەی پێی دەڕۆن پیکابێکی دەبڵ کابینە دەبێت خۆی لە پێشەوە سوار دەبێ ناوی شوفێرەکە هاوڕێ جەبار دەبێ و شۆفێریەکەی باش نابێت بەڵام ئەو کات هەرکەسێ تۆزێ شۆفێری بزانیبایە ئیتر ئۆتۆمبیلیان دەدایە دەستی ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە شەهید جەمال پیاوێکی دڵ پاك بوو, خۆی بەهاوڕێی هەموو پێشمەرگەیەك دادەنا بۆیە لە رێگایش هەر کەسێکیان بینیبوو سەریانخستبوو تا وای لێ‌هاتبوو پشتی ئۆتۆمبێلەکە نزم و پێشکەشی بەرزبووبۆوە و لە رێگای نێوان خەلیفانو بالیسان دا, ئۆتۆمبێلەکە وەردەگەڕێ لە کۆی (21)سەرنشین کە ژمارەیەکیان بریندار دەبن تەنها (جەمال) دیار نابێ هاواری لێ‌دەکەن سەیردەکەن کەوتۆتە ژێر ئۆتۆمبێلەکەو کە دەریدەهێننو فریای نەخۆشخانە ناکەوێتو دڵە گەورەکەی لە لێدان دەکەوێت.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

## ژیانی پێشمەرگایەتی شەهید جەمال

جەمال هەر لەرێکخستندا مامۆستاو ڕابەرنەبوو، بەڵکو لەژیانی پێشمەرگایەتیشدا هەر بەگوڕ بوو، هەرچەندە لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا تەمەنی کورت بوو.

پاش ئەوەی لەکۆتایی مانگی هەشتی 1982 بەهۆی بڕیاری لێبوردنی گشتی کە بۆ جاری دووهەم بەهۆی بارودۆخی ئەو وەختەوە دەرچوو جەمال-یش ئازاد کرا بەڵام ئەم جارە لەبەر ئەوەی تەواو چاودێری دەکرا بۆ ئەوەی لەوە زیاتر بەرشاڵاوی گرتنو ئازار نەکەوێ بۆ ئەوەی ڕێکخستن تووشی لێدانو ساردبوونەوە نەبێت بەبڕیاری سەرکردایەتی دەست بەجێ دوای ئازادبوونی خۆی گەیاندە ناو شۆڕش.

لەژیانی پێشمەرگایەتیدا بەشاهیدی دۆستو دوژمنانی سەلماندی کە ڕۆڵەیەکی بەوەفایە ڕۆڵەیەکی هێمنو لەسەرخۆ، بیر تیژو زیرەك ماندوو نەناسو خۆشەویست لەناو هەڤاڵەکانیدا، لەهەموو کاتێکدا تەنانەت لەکاتی ناخۆشیدا (جەمال) دەم بەپێکەنین بووە، بەنوکتەی خۆش تەمو مژی دڵتەنگی ڕەواندۆتەوە.

جەمال هەردەم لەگەڵ پێشمەرگەکان هاوکاری دەکرد بۆ نموونە لەکاتی بەفربارینیدا خۆی بەدەستی خۆی ڕێگای پاك دەکردەوە، هاوکاری هاوڕێیانی بوو بۆیە پێشمەرگە و خەڵکی ناو دێهاتەکان هەر زوو بەزوو خۆشیان ویست، هەر زوو پلەکانی پیشمەرگایەتی بڕی تا بووە ئەندامی م.س (ی.ن.ك).

*جەمال بەشداری چەندین شەڕی کردووە دیارترینیان کەشایەنی باس بێت ئەوشەڕە بوو کە بۆکشانەوەی بارەگاکانی سەرکردایەتی بوو لەناوچەکانی باوزێو گردە بێنازو گەناودا کە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێك بکەوێتەوە هەموو بارەگاکانو ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان گواسترایەوە بۆ ناوچەیەکی تری کوردستان.

*جەمال دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕێکخستنی ژنان دا چونکە باوەڕێکی تەواوی بەڕۆڵی ژن هەبوو لەناو کۆمەڵدا بۆیە هەموو تواناکانی بۆ لوتکە بوونی ئەو هیوایە بوو، هەر بۆیە چەندی بکرایە هەڤاڵانی لەژنان ڕێك دەخست هەرخۆشی بەناوی شانەی تایبەتەوە سەرپەرشتی دەکردن، مەسەلە گرنگەکانی وەك ژن شۆڕشو بارو دۆخی کوردستان و دەوری ژنان لەو هەلومەرجەدا بابەتی سەرەکی کۆبوونەوە نهێنییەکان بووە کە هەندێ جار لەبەرئەوەی ڕژێم زۆر بەهێز و بێ رەحم بوو بۆیە کۆبوونەوەکان بەشێوەی سەردانی خزمایەتی دەبوون.

*لەسلێمانیئەڵقەلەگوێکانی ڕژێم کاری زۆر ناڕەوایان بەرامبەر خەڵکی شارەکە دەکردو چەندین کوردیان ڕەوانەی زیندان کردبوو بۆیە وا پێویستی دەکرد کە بەسزای گەل بگەیەنرێ هەر بۆیە جەمال ویستی بەربەستێ بۆ ئەو کارانە دابنێ لە ڕێی ئەوەی کە چەندینجار لەڕێی ڕێکخستنەکانی شارەوە نامەی بۆ دەناردن یان بەهۆی تەلەفۆنەوە بە گۆڕینی دەنگیان ئاگاداریان دەکردنەوە کەچی تر لەسەر ئەو کارانەیان بەردەوام نەبن کە گوێیان بەو نامەو تەلەفونانە نەئەدا ناچارئەبوون بەسزای گەلیان بگەیەنن بەمەش دانیشتوانی شارە حەیاتەکە کەمێك لەبرینەکەیان سارێژ دەبوو.

*جەمال دەورێکی گرنگی بینی لە دانانو ڕێکخستنی شانەی ڕێکخستن لە شوێنە گرنگەکانی وەك بەغداو خانەقین کە ڕژێم بەردەوام لەبەعەرەبکردنیدا بوو.

ناتوانم لێرەدا ناوی ئەو هەڤاڵانە بدەم چونکە هەندێکیان لەوێن بەڵام من ئاگادار بووم بەحوکمی ئەوەی کە خۆم (خانەقین)یم و هاوسەری جەمال-م .

*جەمال تاهیر شانەی تایبەتی هەبوو، بە خوێندکاران و مامۆستایان و سەرپەرشتی هەموو مامۆستایانی ئەکرد چونکە خۆی مامۆستا بوو، بۆیە هەر زوو ژمارەیەکی زۆر مامۆستای لە دەور کۆبووە و زۆر چالاك بوو لەکارەکانیدا

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

لەناو قوتابخانە و لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانی. من ئاگادارم لەساڵانی 1980 و 1981 لەچەند بۆنەیەکی کوردەواریدا هەموو خوێندکارانیان ئامۆژگاریدەکرد بۆ لەبەرکردنی جلی کوردیو ئاهەنگی کوردەواریان ڕێکدەخست و لەسەر ئەم کارانە چەندین جار لەلایەن ئەمنی سلێمانیەوە هەڕەشەی لێکرا و بەردەوام خوێندکارانیان بەگیانی کوردەواری وگیانی خۆبەختکردن لەپێناوی گەلەکەیان جۆشدەدا ئێستاش خوێندکارەکانی هەر ئەوە دەگێڕنەوە بۆ نموونە یەکێ لەو سەرکردە بە ئەزموونو گەنجانە کاك (قادری حاجی عەلی)یە کە یەکێکە لە خوێندکارەکانی سەرەتایی کە جەمال وانەی زانستیو وانەی کوردەواریەتی فێردەکردن.

بەدریە قارەمان فرمان

هاوسەری شەهید

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com